# تەکنەلۆژیا و جـــ

## ناساندنی چەندیـــ

ئەنتەرنێت هەر بۆ گەورەکان نییە، هەرچەندە گەورەکان بۆ ئەوەی کە کەسایەتی منداڵەکە بە لاری دا نەڕوات چەندین تەگەرە و کۆسپیبیان بۆ منداڵان داناوە بۆ ئەوەی کە سەر بە هەمووو سایتێك دا نەکەن، بەڵام جیهانی ئەنتەرنێت هەر لە چوارچێـــوەی گەورەکاندا قۆرخ نەکراوە، منداڵانیش خۆیان لەو جیهانەدا دەبیننەوە. لێرەدا چەندین ســـایتیان پێدەناسێنین کە تایبەتن بە جیهانی خۆیان. هەرچەندە سایتەکان بە زمانی ئینگلیزین، بەڵام چونکە بەرکاهێنانی زۆر ئاســـانە منـــداڵ کە شارەزای زمانەکەش نەبێت تێیدەگات. ئەوەش چەندین سایتی منداڵانن.




سایتی -www.up toten.com

ســـایتەکە چەندیـــن بەشـــی فێرکاری تێدایە، کە بۆچوونە ناو گەمەکان دەبـــێ ســـەر لەبەشـــی free بدەی. هەندێك لە گەمەکان لـــە ڕووی ئەو کارتۆنانە دروســـت کراون کە منداڵەکە پێشـــتر بینویەتی.

## لاپتۆپی peewee pivot تایبەت بە منداڵان




کۆمپانیـــای peewee pc لاپتۆپێکـــی دژە زەربەی نوێی بۆ منداڵان بەرهـــەم هێناوە، لاپتۆپەکە کە بە peewee pivot ناسراوە، شاشەکەی 10 ئینجە و لەمسییە. رامەکـــەی 2 گیگابـــە، بـــەڵام هاردەکـــەی 60 گیگایە، هەرچەندە بـــە بەراورد بـــە هـــاردی لاپتۆپی دیکە کەمە. جگە لەوەش بلوتوس و وێبکامیشی هەیە.
لە لاپتۆپەکـــەدا کۆمەڵێك گەمەی تایبەت بە منداڵان داندراون کە بۆ بردنەسەری هۆشی منداڵان باشن. هەروەها پرۆگرامێکـــی تێدایە کە دایك و باوکان دەتوانن گشت کردارەکانی منداڵەکە لەو کاتەی کە لەســـەر لاپتۆپەکـــە بووە ســـەیر بکات. هەروەها لاپتۆپەکە خۆی دەرگای ئەو ســـایتانەی لەسەر منداڵان داخســـتووە کە پێیوایە زیانی بۆ ئەوان هەیە.



## مۆبایلێکی هۆشمەند بۆ منداڵان




ئەو مۆبایلە بچکۆلانەیەی کە لە وێنەکەدا دیارە، تەنیا ئامرازێکی یاریکردن نییە، بگرە تواناکانی زۆر لە مۆبایلی دیکە زیاترن. ئەو مۆبایلە ســـات بەســـات شوێن و جێگای و وەزعیەتی منداڵەکە بۆ دایك و باوکی بەڕێ د ە کا . ئەوانەی خوارەوە چەند تایبەتمەندییەکی ئەو مۆبایلەن.

1دیاریکردنی شوێنی منداڵەکە لە ڕێگای دوورەوە

2 گوێگرتن لە دەنگی منداڵەکە لە ڕێگای دوورەوە

3 توانای کوژاندنەوە هەڵکردنی لە ڕێگای دوورەوە.

4 توانـــای قفڵ کردنی مۆبایلەکـــە لە ڕێگای دوور لەکاتی دزینیدا ژمارەی دزەکە بۆ خاوەنەکەی بەرێ دەکات.

5 توانای پێوەنـــدی کردنی منداڵەکە تەنیا بـــە داگرتنـــی دوگمەیەك بەبێ ئەوەی ژمارەکان بـــەکار بێنێت لەگەڵ چەندین تایبەتمەندی دیکە.





## گەمەی کۆمپیوتەری زەینی منداڵان دەباتە سەرێ



پسپۆرانی زانکۆی رۆچستەر رایانگەیاند، ئەنجامدانی یاری ئەلکترۆنی نە تەنیا بۆ منداڵان زیان بەخش نییە، بگرە دەتوانێ توانای هزری و زەینیان بەرێتە سەرێ.

هەرچەندە زۆر لە پسپۆرانی بواری پەروەردەی منداڵ پێیان وایە کە گەمەی ئەلکترۆنی زیانێکی زۆری بە تەندروستی منداڵ دەگەیەنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشی منداڵەکە زیاتر بێ.

پسپۆرانی زانکۆی رۆچستەر لەسەر ئەو بڕوایەن ئەو منداڵانەی رۆژانە گەمەی ئەلکترۆنی دەکەن، لە بواری بیرکردنەوە و لێکدانەوە لەسەرترن و هاوسەنگی نێوان دەست و چاوەکانیان زۆر لەسەرێیە. ئەو پسپۆرانە گەمەی ئەلکترۆنی نە تەنیا بۆ منداڵان بگرە بۆ گەورەکانیش بەباشی دادەنێن، پێیان وایە گەمەی ئەلکترۆنی کاریگەری لەسەر یادگە و زەینی ئەوان دەبێت.

## ـــن سایتی منداڵان

سایتی www.pbskids.org، سایتێکی زۆر جوان و سەرنج راکێشی منداڵانە. سایتی www.littleprincesskingdom.com، ئەو سایتە هەمان کەسایەتی کارتۆنی شازادە بچکۆلانەکەی هەیە، سایتەکە چوار بەشی جیاوازی تێدایە کە هەموویان سەرنج راکێشن. سایتی /http://marvelkids.marvel.com ئەو سایتە بۆ منداڵە هۆشیارەکان چەندین گەمەی سەرنج راکێشی تێدایە. www.treehousetv.com/kids/games، ئەو سایتە لەگەڵ ئەوەیدا گەمەی تایبەت بە منداڵانی تێدایە، بەشی وێنەکێشان و وێنە رەنگ کردنیشی تێدایە. هەروەها بەشێکی تێدایە تایبەتە بە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی هەیە.

سایتی http://www.ferryhalim.com/orisinal، ئەو سایتە گرافیکیەکەی زۆر جوانی هەیە بۆ ئەو منداڵانەی کە تازە ماوسیان بەدەستەوە گرتووە چەندین گەمەی تایبەتی داناوە.




## کامێرای دیجیتالی تایبەت بە منداڵان





منداڵان جیهانی تایبەت بەخۆیان هەیە و لە دنیای تەکنەلۆژیادا دەبێ ئەو جیهانە جیاوازی هەبێ لەگەڵ جیهانی گەورەکان. بەم دواییانە کۆمپانیای vtect کامێرایەکی دیجیتالی سادە و خۆراگری تایبەت بە منداڵان بەرهەم هێناوە، کە بە kidizoom ناسراوە، کامێراکە هەروەك کامێرای دیجیتالی دیکە کوالتییەکی بەرزی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی زۆر سادەیە منداڵ زۆر بە ئاسانی شارەزایی دەبێ بەسەریدا، لەگەڵ ئەوەیدا ئەو کامێرایە چەندین وێنەی خەیاڵی تێدایە کە بۆ بردنە سەری هزری منداڵان زۆر باشن. 16 میگابایت هاردەکەیەتی و جگە لەوەش دەکرێ کارت میمۆریشی بۆ دابندرێت.

